کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-9-2007 22:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
CAK
chak_org@yahoo.com

**باڕۆژی جێبەجێکردنی سزای سەپاو بەسەر تاوانکارانی ئەنفال، بکەینە ڕۆژی داواکاری گشتی خەڵکی کوردستان بۆ دادگاییکردنی سەرجەم تاوانکاران بەبێ جیاوازی**

کەسوکاری قوربانییە سەربەرزەکان
هاووڵاتییە وڵاتپارێزەکان
پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان
هەڵسوڕاوانی بواری مافی مرۆڤ و ڕێکخراو و گروپ و ناوەندەکانی دژ بە ژینۆسایدکردنی کورد

هەموومان ئاگادارین هەنووکە لە پشت پەردەوە، مشتومڕ گەرمە لەسەر چارەنووسی جێبەجێکردنی سزای سەپاو بەسەر تاوانکاراندا و سازشکردن لەسەر جێبەجێکردنی سزاکە، ئێمە گەلێکین هەردەم دژ بە تۆڵە و زەبروزەنگ بوینە، وەلێ ئاستی ئەو تاوانانەی لە هەمبەرمانکراوە، هەندە مەزنن وا دەکات قەت ئەو تاوانکارانە لە بیر نەکەین داوای توندترین سزایان بۆ بکەین، دادگاییکردنی تاوانکاران و سزادانی تاوانکاران بەپێی ساغبوونەوەی تاوانەکانیان لە دادگا ویستی هەموانە و داوایەکی ڕەوایە، هەر سازشێکیش لە پشت دادگاوە خیانەتی مێژوییە بەرامبەر بە قوربانیان و گەلەکەمان ئەنجام دەدرێت.

ئازاد بوونی سەدان تاوانکار لە کوردستانی سەربەخۆ، بوونی بەشێکی زۆریان لە ناو حیزب و سوپا و دەزگا کارگێرییە حکومییەکان، تەنانەت لەناویاندا کەسانی سەرۆکی پارتی سیاسی کوردستانیش دەبینرێت، هاوکاری زۆریان بۆ ڕزگاربوون لە دەستی دادپەروەری و ڕێگا خۆشکردن بۆ هەڵاتنیان بۆ دەرەوەی عێراق، دەست نەگرتن بەسەر سەروەت و سامانی هەڵاتووان، بوونی سەدان تاوانکار لە ڕیزی لیستی پێشمەرگەی دێرین و شەهید سەنگەر و ئەنفالی سەربەرز و زیندانی سیاسییە کۆڵنەدەرەکان، کردنی تاوانکاران بە دۆستی کورد و بەناوی بوونی پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکان، ئەمانەو زۆری دیکەش وایانکردووە قوربانیان و وڵاتپارێزان بەچاوی گومانەوە بڕواننە دەسەڵاتی کوردی و متمانەیان پێی نەمێنێت، بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی لە هەمبەر ئەو ناهەقیانەی ئاماژەمان پێیاندا، داواکارین ڕۆژی سزادانی تاوانکارانی ئەنفال بکەینە ڕۆژی داوای سەرانسەری " سەرجەم تاوانکاران بەبێ جیاوازی بۆ دادگا "، لەو ڕۆژەدا داواکارییەکانمان یەکبخەین، ئێمە لێرەدا داواکان خۆمان لەم خاڵانە چڕ دەکەینەوە:

- دەسەڵاتی کوردی پێویستە هاوکاری دادگای باڵای تاوانەکان بکات، بۆ دادگاییکردنی سەرجەم ئەو تاوانکارە کوردانەی ناویان لە دادگادا وەك تاوانکار هاتووە، بەوەی تەسلیمی دادگایان بکات.
- ئەو تاوانکارانەی لە خولی یەکەمی دادگا، داوانەکراون، دۆسییەیان لەسەر ئامادە بکرێت و ڕابکێشرێنە دادگا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-9-2007 22:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

- ئەو تاوانکارانەی لەدەست دادپەروەری هەڵدێن بۆ دەرەوەی عێراق، دەست بەسەر تەواوی سەروەت و سامانەکانیان بگرترێت.
- هەر کەس و لایەنێك هاوکاری تاوانکاران بکات بۆ هەڵاتن لە دەست دادپەروەری، لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت و سزای توند بدرێت.
- هەموو حەسانەیەك لەسەر ئەو تاوانکارانە هەڵگرترێت، ناویان لە لیستی تاوانکاران هاتووە، لە پێشیانەوە وەفیق سامەڕائی.
- ئەو پارت و لایەنەی کەسانی تاوانکار لەسەروی پارتەکەیانەوەیە، مۆڵەتی کارکردنیان ڕابگرترێت، تاکو دادگا بێتاوانی سەرۆکەکەی ڕادەگەیەنێت.
- لیستی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانی سیاسی و پێشمەرگەی دێرین لە تاوانکاران پاکبکرێتەوە.
- ئەو تاوانکارانەی ئێستا لە دەزگا حیزبی و سەربازی و حکوومی و کارگێڕێکاندان دەربکرێن.
- هەر جۆرە هاوکاری و کۆمەکێك بەهەر ناوێکەوە دەدرێت بە تاوانکاران ڕابگرترێت.
- باشترین هەنگاو بۆ هێوکردنەوەی باری دەروونی قوربانیان ئەوەیە، هەنگاوی جدی بنرێت بۆ باشتر کردنی باری ژیان و گوزەرانی قوربانیان و دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال و هاوکاریکردنی دادگای باڵای تاوانەکان.

دەبا هەموومان ڕۆژی جێبەجێکردنی سزای سەپاو بەسەر تاوانکاران، لەدەوری داواکارییە ڕەواکانمان کۆببینەوە، هەموومان لەو ڕۆژە مێژووییەدا، کە بۆیەکمجار سەرانی دەسەڵاتێك لەپای ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە کورد ئەنجامیان داوە، سزای سەپاو بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێت، بە یەك دەنگ بڵێین سەرجەم تاوانکاران بەبێ جیاوازی بۆ دادگا.

ناوەندی چاك
2007-9-16
www.chak.be
chak_org@yahoo.com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.